خەلیل عەبدوڵڵا

# کورد و
# پرسی دانپێدانانی دەستووری

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

کورد و پرسی دانپێدانانی دەستووری

خەلیل عەبدوڵڵا

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٥٤٠) ساڵی ٢٠١١

لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تایپ: شانیا یوسف

تیراژ: (٤٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: (٢٢)

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# پێشەکی

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهاندا چەند رێککەوتننامەو پەیماننامەیەك ئیمزاکران کە پەیوەندیان بەدابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە هەبوو. یەکێك لەو پەیماننامانە، پەیماننامەی سیڤەربوو کەلەرۆژی (١٠) ی ئابی ١٩٢٠ لەنێوان حکومەتی سوڵتانی عوسمانی نوێنەرانی دەوڵەتانی (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، ئەرمینیای تاشقەندەکان، بەلجیکا، یۆنان، پورتوگال، رۆمانیا، سربیا، کروات، حیجازو چیکۆسلۆفاکیا) ئیمزاکرا، کە لەچەند بەندێکیدا بەشیوەیەکی راستەخۆو ناڕاستەخۆ ئاماژەی بە مەسەلەی کورد کردووە.



سیڤەر بەیەکەم بەڵگەنامەی نیودەوڵەتی دادەنرێت کە بەشێوەیەکی روونو راشکاو لە بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)دا ئاماژەی بەمەسەلەی کورد کردووەو بەپێی ئەو رێکەتننامەیە تورکیا هەموو ناوچە کوردنشینەکانی لەدەست دەدا، کە مەبەست لێی کوردستانی تورکیایە، هەر بەپێی پەیماننامەی سیڤەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دابین کرابوو، دواتر مافی سەربەخۆیی پێ بدرێت لە حاڵەتێکدا کە گەلی کورد داوای بکاتو کۆمەڵەی گەلان پەسەندی بکاتو تورکیای لێ ئاگادار بکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی، ئەو کاتە هاوپەیمانانان رێگر نابن لە لکاندنی کوردستانی باشور بەو دەوڵەتە کوردیەی پێشنیاز کرابوو.

کەچی پەیمانی لۆزان لە(٢٤)ی تەموزی (١٩٢٣)دا هەموو مافەکانی گەلی کوردستانی دوو تویێی پەیمانی سیڤری پێشێلکردو مەسەلەی گەلی کوردستانی لەمەسەلەیەکی دانپێدانراوی یاسای نێودەوڵەتیەوە هێنایەوە

بۆ خاڵی سەرەتاو کردییەوە بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی. ئیدی لەوکاتەوە مەسەلەی کورد وەك مەسەلەی ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانە سەیری دەکرێت، کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە.

ئەو نەخشە رێگایەی کە لۆزان کێشاویەتی بۆ بەرجەستەبوونی دابەشکردنی کوردستانو هێشتنەوەی بەمەسەلەیەکی ناوخۆیی، هێشتا بەرقەرارەو گەلی کوردستان وەك گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوەراست ماوەتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو گەلێك مافی ئاسایی خۆیەتی بەمافی چارەنووسی خۆی بگاتو دەوڵەتی خۆی پێکبهێنێت، بەمەرجێك پێوەرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بیگرێتەوە. بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەو مەسەلەیە بەپێویستمان زانی تیشك بخەینە سەر شوێنی



کورد لە دەستووری دەوڵەتانی تورکیاو ئێرانو سوریاو عیراقدا.

## یەکەم:

# پێگەی کورد
# لە دەستورەکانی تورکیادا

دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دەوڵەتی تورکیا دامەزرا. ئەم دەوڵەتە تائێستا سێ جار دەستووری داناوە، ئەوانیش دەستووری یەکەم کە لە ساڵی ١٩٢٤دانراو لەساڵی ١٩٣٧ هەموار کرا، دەستوورەکانی دیکەش هەریەکەیان لەدوای کودەتایەکی سەربازی لە ساڵانی ١٩٦٠و ١٩٨٢دانراون.

بەشێوەکی گشتی هەر سێ دەستوورەکە تەنها دانیان بەگەلی تورکدا ناوەو نکوڵیان لەبوونی گەلی کوردو گەلانی دیکەی ناو تورکیادا کردووە . بۆزیاتر تیشك خستنە سەر پێگەی کورد لە دەستووری تورکیادا بەپێویستی دەزانم



شوینی کورد لەدەستووری ١٩٨٢دا رون بکەمەوە کە تائێستا کاری پێدەکرێت. ئەم دەستورە لە ١٧٧ مادە پێکهاتووە.

لەدیباجەی ئەو دەستوورەدا ئاماژە بەوەکراوە کەتەنها هاووڵاتی تورك مافی گوزەراندنی ژیانێکی ئاسوودەی هەیە لەژێر سایەی رۆشنبیری تورکیدا، لەو دیباجەیەدا تەنها ئەو مافە بەهاووڵاتی تورك دراو نکولی لە بوونی هاووڵاتیانی نەتەوەکانی دیکە کراوە، بەوەش تەنها مافی هاووڵاتیبوون بە گەلی تورك دراوە.

لەو دەستورەدا کۆتی ئەوە دانراوە کە سێ مادەی یەکەمی نابێت بگۆڕدرێت یاخود هەموار بکرێت.

لەمادەی سێی ئەو دەستوورەدا هاتووە کە دەوڵەتی تورکیا پێکدێت لەیەك نەتەوە لەیەك قەوارەدا، بەوەش بەئاشکرا نکولی لەبوونی گەلی کوردو هەموو گەلو پێکهاتەکانیتری ناو تورکیا دەکات.

لەمادەی پێنجی دەستوورەکەدا باسی ئەوە دەکات کە ئەرك‌و ئامانجی سەرەکی دەوڵەت دەستەبەری سەلامەتی‌و سەربەخۆیی نەتەوەی تورکە، ئەوەش بەمانای پاراستنی مافی نەتەوەی تورك‌و فەرامۆشکردنی مافی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکە دێت.
لەمادەی شەشی دەستووردا هاتووە کە سەروەری بۆ نەتەوەی تورکە، بەوەش بەمانای پێشێلکردن‌و فەرامۆشکردنی سەروەری نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکە دێت.

مادەکانی حەوت‌و نۆی دەستوورەکە دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و دادوەری بۆ نەتەوەی تورك قۆرخ‌و قەتیس کردووەو نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی لەو مافانە بێبەشکردووە.

لەمادەی چواردەی دەستوور هاتووە نابێت ماف‌و ئازادییە بنچینەییەکانی دەستوور بەکاربێت بۆ پارچە پارچەکردنی



دەوڵەت‌ونەتەوە یاخود هەرەشە لە بوونی دەوڵەتی تورك‌و کۆمارەکەی بکات، ئەم مادەیە دژی گەلی کوردو نەتەوەکانیترە بۆ ئەوەی داوای مافی سەربەخۆیی‌و جیابوونەوە نەکەن.

لەمادەی بیست‌و هەشتی دەستوورەکە هاتووە، چاپەمەنی ئازادەو نابێت چاودێری بکرێت. کەچی لەمادەی بیست‌و شەش هاتووە، نابێت چاپەمەنی بەزمانە قەدەغەکراوەکان دەربچێت، ئەوەش بەمانای ئەوە دێت کە چاپەمەنیەکان تەنها بەزمانی تورکی دەبێت‌و رێگە بەزمانی کوردی‌و زمانەکانی دیکە نادرێت، چونکە تەنها زمانی تورکی لەدەستووردا زمانی فەرمیەو زمانەکانیتر رێگە پێنەدراوو قەدەغەکراون.
لەمادەی شەست‌و هەشتی دەستووردا هاتووە، نابێت بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی حزبە سیاسیەکان دژی یەکێتی دەوڵەت‌و نەتەوە بێت. ئەوەش رێکە لەدامەزراندنی حزبی

کوردی نەتەوەیی دەگرێت کە خەبات بۆ بەدیهێنانی مافە سیاسیو نەتەوەییەکانی بکات.

لەمادەی حەفتای دەستووردا هاتووە، هەموو تورکێك مافی بەشداری لەڕاژەی گشتیدا هەیە. مادەی حەفتاوشەشیش مافی خۆپاڵاوتن وەك نوێنەر تەنها بەهاوولاتی تورك دەدات. ئەم دوو مادەیە مافەکانی بەشداریو خۆپاڵاوتن تەنها بەهاولاتی تورك دەدەنو هاوولاتی کوردو نەتەوەکانی دیکە دەبێت وەك هاولاتی تورك بەشداری بکەن یاخود خۆیان بپاڵێون.

مادەی چلودووی دەستوور ئاماژە بەوە دەکات، بێجگە لە زمانی تورکی هیچ زمانێکیتر وەك زمانی فەرمی لەدامەزراوەکانی خوێندندا بەکار نایەتو نابێت پێیان بخوێنرێت، بەپێی ئەم مادەیە نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکە بۆیان نیە بەزمانی خۆیان بخوێنن، (ئەگەرچی



حکومەتی تورکیا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانەوە هەنگاوی سەرەتایی ناوە بۆ کردنەوەی دەرگای یەکێتی ئەوروپا لێی، ئەویش بەوەی کە ڕێگەی داوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەزمانی کوردیو زمانەکانیتر بەرنامەکانیان پەخش بکەن. هەروەها ڕێگەی بەخوێندن داوە بەزمانی کوردی لە قوتابخانە تایبەتەکاندا).

لە ١٢ی ئەیلولی ٢٠١٠ دا لەڕێی ڕاپرسییەوە، ٢٦ مادەی دەستوری ساڵی ١٩٨٢ی تورکیا هەموار کرا کە تایبەت بوون بە بوارەکانی دادوەریو سوپاو دادگای دەستوریو هەندێ مافی دیکەی هاولاتیان.

زۆرینەی هاولاتیانی کوردی تورکیا بایکۆتی ئەو ڕاپرسییەیان کرد، چونکە ئەو هەموارکردنانە هیچ خواستێکی گەلی کوردی تیدا نەبوو.

لەئەنجامی خستنەرووی ئەو برگەو مادانەی دەستووری تورکیادا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە تەنها دان بە نەتەوەی

تورکوزمانی تورکیدا نراوەو نکولی لەبوونی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکە کراوەو هەموویان بەتورک لەقەڵەم دراون. ئێستا کە باسی کرانەوەی دیموکراسی بەرووی گەلی کوردو چارەسەرکردنی کێشەکەی لەتورکیا دەکرێت، بەڵام هەتا گۆڕانکاری لە دەستوورەکەی نەکرێتو دان بە بوونی گەلی کورددا نەنرێت، مەحاڵە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت.



دووەم:

## پێگەی کورد
## لەدەستوورەکانی ئێراندا

ئەگەرچی ئێران لەساڵی ١٩٠٧تا ساڵی ١٩٧٩، واتە ماوەی حەفتا ساڵ خاوەنی دەستوورو پەرلەمان بووە، بەڵام لەسایەی دەستوورو ژیانی پەرلەمانیدا، دان بەمافە سیاسیو نەتەوەییەکانی گەلی کوردا نەنراوە.

لەدوای روخانی شاو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لەساڵی ١٩٧٩ دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات دانرا. بزانین ئەو دەستوورە چی بۆ گەلی کورد دابینکردووە!؟.

لەمادەی نوێی دەستووری ئێراندا جەخت لە سەر سەربەخۆییو ئازادیو یەکێتی خاکی ئێران کراوەتەوە. ئەوەش بەمانای ئەوەیە کە رێگە بەهیچ گەلو نەتەوەیەک

نادرێت كه داوای سەربەخۆیی بكاتو خاكی وڵات دابەش بكات.

لەمادەی نۆی دەستووردا زمانی فارسی زمانی فەرمی وڵاتەوبەڵگەنامەكانو موراسەلاتو دەقە فەرمییەكانو كتێبەكانی خوێندن بەو زمانە دەبێت. بەڵام دەكرێت زمانە ناوخۆییەكانی نەتەوەكانیتر لەبواری رۆژنامەگەریو راگەیاندن و خوێندنی ئەدەبیاتیاندا لەپاڵ زمانی فارسیدا بەكاربێت.

بەپێی ئەو مادە دەستوورییە تەنها زمانی فارسی زمانی فەرمیەو زمانی كوردیو زمانەكانیتر زمانی ناوخۆیی پلە دوونو لەچەند بوارێكی وەك رۆژنامەگەریو راگەیاندندا بەكار دێن، تەنانەت رێگەش نەدراوە بێجگەلە زمانی فارسی بەزمانەكانی دیكە بخوێنرێت.



مادەی سەدو پازدەی دەستوور مەرجی ئەوەی داناوە بۆ پاڵێوراوی سەرۆك كۆمار كە بڕوای بەبنەماكانی كۆماری ئیسلامیو مەزهەبی فەرمی دەوڵەت هەبێت كە مەزهەبی شیعەی جەعفەری دوازدەیە. بەپێی ئەو مادەیە هاووڵاتیانی موسڵمانی سوننە لە كوردو توركمانو عەرەب مافی ئەوەیان نییە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار بپاڵێون. ئەوەی تێبینی دەكرێت لەم دەستوورەدا دان بەمافە سیاسیو نەتەوەییەكانی گەلی كوردا نەنراوە .

## سێیەم:

# پێگەی کورد
# لە دەستوورەکانی سوریادا

لەسالآنی (١٩٢٠- ١٩٧٣)چەندین دەستوور لەسوریا دانراون، بەڵام لەهەموو ئەو دەستوورانەدا هیچ مادەو بڕگەیەك بەدی ناکەیت کە دانی بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەو ولاّتەدا نابێت. دەستووری ساڵی ١٩٧٣ کە دوا دەستورەو سەرباری ئەوەی کەچەند جارێك هەموار کراوە، بەڵام تائێستا کاری پێدەکرێت.

بابزانین ئەم دەستووره چۆن سەیری گەلی کوردی لەو ولاّتەدا کردووە؟



مادەی یەکی دەستوورەکە سێ خاڵی لەخۆ گرتووە. لەخاڵی یەکەمدا ناوی ولاّت بە کۆماری عەرەبی سوری هاتووە، ئەوەش بەمانای ناساندنی ئەو ولاّتەیە وەك ولاّتێکی عەرەبی کە گوایە لەیەك نەتەوە پێك دێت، کە ئەویش نەتەوەی عەرەبە، بەوەش بەشێوەیەکی روونو ئاشکرا نکوڵی لە بوونی گەلی کورد کردووە. لەبەشێکیتری ئەم خاڵەدا باسی ئەوەکراوە کە ناکرێت دەستبەرداری هیچ بەشێك لەخاکی ئەو دەوڵەتە بکرێت. ئەوەش بەمانای ئەوەیە رێگە بەهیچ گەلێك نادرێت کە داوای سەربەخۆییو جیابوونەوە بکات، ئەوەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەدژی گەلی کورد لەو ولاّتەدا دارێژراوە. لەخاڵەکانی دوو وسێی مادەی یەکدا ئاماژە بەوەکراوە کەخاكو گەلی سوریا بەشێکن لەنیشتمانو نەتەوەی عەرەب، ئەوەش بەمانای نکوڵیکردن دێت لە خاكو نەتەوەی کورد ، بەڵکو بەبەشێك لە نیشتمانو نەتەوەی عەرەب لەقەڵەمی داون!.

مادەی چواری دەستوورەکە تەنها زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی ناسیوە. ئەوەش بەمانای نکولیکردن لەزمانی کوردی دێت.

مادەی هەشت حزبی بەعسی بەحزبی سەرکردەی کۆمەڵو دەوڵەت داناوە، بەمانای بەرجەستەکردنی سیستمی تاکە حزبی دێت، کەدژ بەبنەماکانی دیموکراسیو فرەییە.

مادەی هەشتاوسێی دەستوورەکە مەرجی ئەوەی بۆ پاڵێوراوی سەرۆك کۆمار داناوە کە دەبێت عەرەب بێت. ئەوەش پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤو مافی هاووڵاتیبوونە.

بەپێی بڕگەی یەکی مادەی هەشتاوچوار سەرکردایەتی حزبی بەعس پاڵێوراوی سەرۆك کۆمار بۆ ئەنجومەنی گەل(پەرلەمان) پێشنیاز دەکات، بەمانای ئەوەیە کە بێجگە لەوەی کە دەبێت پاڵێوراوی سەرۆك کۆمار عەرەب بێت دەبێت سەر بە حزبی بەعسی دەسەڵاتداریش بێت، ئەوەش



بەمانای ئەوەیە کە هیچ نەتەوەو حزبێکیتر ناتوانێت پاڵێوراوی هەبێت بۆ ئەو پۆستە!.

## چوارەم:

# پێگەی کورد
# لە دەستوورەکانی عیراقدا

بەپێویستی دەزانین ئەگەر بەشێوەیەکی خێراو راگوزاریش بێت، چاوێك بەدەستورەکانی پێشووی عیراقدا بخشێنین‌و بزانین لەو دەستورانەدا تا چ رادەیەك دان بەمافەکانی گەلی کوردستاندا نراوە.

### ١- قانونی بنچینەی ساڵی ١٩٢٥

ئەمە یەکەم دەستوری هەمیشەیی عیراقە، کەبەقانونی بنچینەیی ساڵی ١٩٢٥ ناسراوە. ئەم دەستورە لەسەردەمی پاشایەتی‌و لەژێر سایەی ئینتدابی بەریتانیا لەساڵی ١٩٢٥ بۆ عیراق نووسراوەکە ئەوکاتە هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرەی لەخۆگرتبوو، هێشتا کێشەی ویلایەتی



موسڵ یەکلایی نەکرابۆوە، تاروخانی رژێمی پاشایەتی لەساڵی ١٩٢٥ کار بەو دەستورە کراوە.

ئەگەر بەوردی سەیری هەر ١٢٥ ماددەکەی ئەو دەستورە بکەین دەبینین بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بەناوو مافەکانی گەلی کوردستان نەکردووە. ئەگەر پاساوی ئەوەش ئەوە بێت ئەو دەستورە لەکاتێکدا نووسراوە کە عیراق تەنها هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرەی لەخۆگرتبوو، هێشتا کێشەی ویلایەتی موسڵ یەکلایی نەکرابۆوەو هەرێمی کوردستان نەخرابووە سەر دەوڵەتی عیراق، ئەگەر ئەو پاساوە تائەو کاتە راست بێ، دواتر رەوایەتی نامێنێ، چونکە دوای ئەوە هەرێمی کوردستان خرایە سەر عیراق، کۆمەڵەی گەلان داوایکرد ئیدارەیەکی کوردی لەناوچە کوردنشینەکان دروست بکرێت‌و زمانی کوردی زمانی فەرمی ئەو ناوچانە بێت‌و زەمانەتی مافی کەمینەکان بکرێت، کەچی سەرباری ئەو داوایانەی کۆمەڵەی گەلان‌و دوای ئەوەی دووجار ئەو

دەستورە هەموار کرا، کەچی دوای ئەو هەموارکردنانەش ، هیچ مافێکی کورد لەو دەستورەدا جێی نەکرایەوە.

### ٢-دەستوری کاتی ساڵی ١٩٥٨

ئەم دەستورە لە ٣٠ مادده پێکهاتووەو یەکەم دەستوری کاتی سەردەمی کۆمارییە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم دەستورە لەماوەی دوورۆژدا لەلایەن (حسێن جەمیل) یاساناسی عەرەبەوە دانراوە.

ئەوەی لەم دەستورەدا بەخاڵی ئیجابی بۆ کورد لەقەڵەم دەدرێت ئەوەیە کەدانی بەوەدا ناوە کە کوردو عەرەب لە وڵاتی عیراقدا هاوبەشن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە نەتەوەی کورد پێکهاتەیەکی سەرەکیە لەعیراقدا وەك کەمینە سەیری نەکراوە. سەرباری ئەو خاڵە ئیجابییە، خاڵێکی دیکەی سلبی ئەو دەستورە بایەخی ئەو خاڵە ئیجابییەی کەمکردۆتەوە کە دەڵێت عیراق بەشێکە



لەنەتەوەیی عەرەب، ئەم خاڵە گەلی کوردو گەلەکانیتر وەك عەرەب سەیر دەکاتو بەبەشێك لە نەتەوەی عەرەب لەقەڵەمیان دەدات، ئەمەش زوڵمێکی گەورەیە لە کوردو نەتەوەکانیتر، چونکە ئەو نەتەوانە نەتەوەی سەربەخۆنو سەر بەهیچ نەتەوەیەکیتر نین، ئەوە بێجگەلەوەی کە کورد خاوەن خاکی لەمێژینەی خۆیەتی.

### ٣/ دەستوری ٢٢ی نیسانی ١٩٦٤و دەستوری ٢٩ی نیسانی ١٩٦٤

ئەم دوو دەستورە هەردووکیان لەماوەی هەفتەیەکدا نووسراون، هەردوو دەستورەکە بەشێوەیەکی تەمومژاوی باسی کوردیان کردووەو پاشەکشەیان لەدەستووری ساڵی ١٩٥٨ کردووە، ئەوە بێجگە لەوەی جەختیان کردۆتەوە کە گەلی عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب.

## ٤/ دەستوری کاتی ساڵی ١٩٦٨

ئەم دەستورە لەگەڵ هاتنە سەرحوکمی حزبی بەعسدا دانراوە، ئەم دەستورەش بەهەمان تێروانینی نارۆشنی هەردوو دەستوری ساڵی ١٩٦٤ سەیری مەسەلەی کوردی کردووەو بیری شۆڤێنی عەرەبی قوڵتر کردۆتەوەو عیراقی بە دەوڵەتێکی عەرەبی لەقەڵەم داوە، تەنها زمانی عەرەبیشی بەزمانی فەرمی ناسیوە.

## ٥/ دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠

ئەم دەستورە لەدوای ئیمزاکردنی بەیانی ئازار دەرکراو بە هەمووارکردنی دەستوری ساڵی ١٩٦٨دادەنرێت. لەم دەستورەدا سەبارەت بەمافەکانی کورد ئاماژە بەم خاڵانە کراوە:

١- عیراق لەهەردوو نەتەوەی کوردو عەرەب پێك دێت.



٢- بەلەبەرچاوگرتنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی چارەسەر دەکرێت.

٣- زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا لەناوچەی بەناو ئۆتۆنۆمی زمانی فەرمیە.

سەرباری ئەو سێ خاڵە ئیجابیە، چەندین خاڵێتری سلبی ئەو دەستورە بایەخی ئەو خاڵانە کەمدەکاتەوە ئەوانیش ئەمانەن:

١- عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب.

٢- عیراق یەکپارچەیەو دەستبەرداری هیچ بەشێك لەخاکەکەی ناکرێت.

سەرباری ئەو خاڵە ئیجابیانەی لەدەستوری ساڵی ١٩٧٠دا هاتووە، کەچی لەسایەی ئەو دەستورەدا رژێمی بەغدا سیاسەتە دزێوەکانی تەعریبو تەهجیرو و تەرحیلو تەبعیسو توانەوەی لەدژی گەلی کوردستان پەیڕەوکردووەو کارگەیشتۆتە ئەوەی کە ئەم گەلە ئەنفال بکاتو چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی لەدژی بەکار بهێنێت.

ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە هەرچەندە لەو دەستورەدا باسی هەندێ لەمافەکانی گەلی کورد کراوە ، بەلام لەواقعو جێبەجێکردندا رژێمی دیکتاتۆری بەعس بەپێچەوانەی بنەماکانی دەستورەوە کاری کردووە.

## ٦/ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ٢٠٠٤

ئەم یاسایە وەك دەستورێکی کاتی وابوو، لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق، لەلایەن نوێنەرانی گەلانی عیراقەوە گفتوگۆو مشتومڕی زۆری لەسەر کراوەو لە ٨ی ئازاری ٢٠٠٤دا دەرچووە.

ئەم یاسایە بەوە لەدەستورەکانی دیکەی عیراق جیا دەکرێتەوە کە لەلایەن نوێنەرانی زۆربەی پێکهاتەکانی عیراقەوە دانرا، بۆیەکەمجاریش لەمێژووی دارشتنی دەستورەکانی عیراقدا نوێنەرانی گەلی کوردستان بەشداری



کاریگەرییان لە دانانو دارشتنی ئەو یاسایەدا کردو بەشێکی زۆری مافەکانی گەلی کوردیان لەو یاسایەدا جێگیرکرد.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین یاسای بەڕێوەبردن لەهەموو دەستورەکانی پێش خۆی باشترو شارستانیترە، ئەم یاسایە چەندین خاڵی ئیجابی سەبارەت بەمافەکانی گەلی کوردستان لەخۆگرتووە لەوانە:

ئەم یاسایە، وەك دەستورەکانی پێشوو، لەلایەن کەسێك یاخود حزبو لایەنێك بەتەنها دانەنراوە، بەڵکو نوێنەرانی زۆربەی پێکهاتەکانی عیراق بەشدارییان لەدانانو دارشتنیدا کردووە.

ئەم یاسایە سیستمی حوکمڕانی عیراقی لەدەوڵەتێکی مەرکەزییەوە گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی، دیموکراتی، فرەیی، پەرلەمانی .

لەزۆربەی دەستورەکانی پێشوودا، ئاماژە بەوەکراوە کە عیراق دەوڵەتیکی عەرەبییەو بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، بەلاّم لەیاسای بەڕێوەبردندا نوسراوە، عیراق ولاّتێکی فرە نەتەوەیەو لەکوردو عەرەبو تورکمانو کلدۆ ئاشور پێکهاتووە، هەر لەو یاسایەدا ئاماژە بەوەکراوە کە تەنها گەلی عەرەبی عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، ئەمەش بەوەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە دان بەوەدا دەنرێت کە تەنها گەلی عەرەبی عیراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، گەلی کوردو گەلەکانی دیکە بەشێکن لەنەتەوەکانی خۆیان.

خالێکی دیکەی ئیجابی کەلەیاسای بەڕێوەبردندا باسی لێوەکراوە ئەوەیە کە بێجگە لەدانانان بەهەردوو گەلی کوردو عەرەبدا، دانیشی ناوە بە مافە سیاسیو ئیدارییەکانی گەلانی تورکمانو کلدۆ ئاشوردا، ئەمەش بۆیەکەمجارە



ئاماژە بەناوی ئەو گەلانە بکرێت، لەدەستورەکانی پێشوودا بە هیچ شێوەیەك ناوی ئەو گەلانە نەهێنراوە.

لەم یاسایەدا زمانی کوردی وەك زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی لەسەرانسەری عیراقدا ناسراوە، ئەمەش پێشکەوتنێکی دیکەیە لەبواری بەفەرمی ناسینی زمانی کوردیدا، چونکە لەدەستورەکانی پێشوودا لەباشترین حاڵەتدا زمانی کوردییان وەك زمانی فەرمی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان ناسیوەو لەسەرانسەری عیراقدا زمانی فەرمی نەبووە. بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی لەسەرانسەری عیراقدا بایەخێکی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی دامودەزگا فەرمیەکانی عیراق و تەنانەت لەدەرەوەی ولاّتیش، بەو پێیە بەرپرسانی کورد دەتوانن لەکۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتیەکاندا زمانی کوردی بەکار بهێنن، لەو چوارچێوەیەدا دەتوانین لێدوانەکانی سەرۆك تالەبانی بەزمانی کوردی لەکۆشکی سپیو بارەگای

نەتەوەیەکگرتووەکان بەنموونە بهێنینەوە، کە بایەخی گەورەی بەفەرمی ناسینی زمانی کوردی خستەڕوو.

یاسای بەڕێوەبردن بەفەرمی دانیناوە بەحکومەتی هەرێمی کوردستانداو ئەو دانپێنانەش بەمانای دانپێدانانە بەهەموو دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان لەئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانو دەسەڵاتی دادوەری. هەرلەو یاسایەدا ڕێگە بەحکومەتی هەرێم دراوە کەسەرجەم کاروبارە فەرمیەکان بکات، تەنها ئەو کارانە نەبێت کەبەکاروباری دەسەڵاتی سەروەری وولات ناسراونو حکومەتی فیدراڵی بەغدا ئەنجامیان دەدات.

لەیاسای بەڕێوەبردندا ڕێگە بەوە دراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پۆلیس بکات. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ ئاماژەیەکی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان نەکردووەو بەفەرمی نەناسێنراوە.



بەپێی یاسای بەڕێوەبردن، پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە هەر بڕیارو یاسایەکی پەرلەمانی عیراق هەموار بکات، تەنها ئەو یاسایانە نەبێت کەپەیوەندیان بەمەسەلە سەروەریەکانەوە هەیە.

سەرباری جێگیرکردنی ئەو مافانە بۆگەلی کوردستان لەو یاسایەدا ، چەند مافێکیتری ماوە کەهێشتا بەدینەهاتوون، ئەویش گەڕانەوەی کەرکوكو ناوچەکانیترە بۆ ئامێزی هەرێمی کوردستان.

هەرچەند کێشەی کەرکوكو ناوچەکانیتر لەماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردندا چارەسەری یاسایی بۆ دۆزراوەتەوەو دەبوو ئەو ماددەیە لەکاتی حکومەتی گواستنەوەدا جێبەجێ بکرایە، بەڵام بەداخەوە لەو کاتەدا جێبەجێ نەکراو چەندین گرفتو ئاستەنگی بۆ دروستکرا. دواتر ماددەی ٥٨ کراوە بەحوکمێکی ئینتقالی لەدەستوری هەمیشەییداو بەمادەی ١٤٠ ناسراوە.

## ٧/ دەستوری هەمیشەیی عیراق لە ٢٠٠٥

ئەم دەستورە جیا لەهەموو دەستورەکانی دیکەی عیراق، وەك دەستوری هەر ولاَتێکی دیموکراسی لەدارِشتنیەوە تاپەسەندکردنی هەموو هەنگاوە یاساییەکانی بڕیوە.

ئەم دەستورە بێجگە لەوەی لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکانو کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقو لیژنەیەکی تایبەتدا نووسراوەو نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی عیراق بەشداریان لەدارشتنیدا کردووە. زۆرینەی گەلانی عیراقیش لەراپرسیەکی دیموکراسیدا دەنگیان بەو دەستورە داوەو پەسەندیان کردووە. ئەمە بۆ یەکەمجارە لەمێژووی عیراقدا دەستورێك بۆ ولاَت بەو شێوازە دیموکراسیە دابنرێت، بۆیە دەتوانین ئەم دەستورە بەیەکەم دەستوری هەمیشەیی دیموکراسیو متمانە پێدراوی گەلانی عیراق لەقەڵەم بدەین.



بەپێویستی دەزانین ئاماژە بەو مافو دەستکەوتانە بکەین کە بۆ گەلی کوردستان لەم دەستورەدا جێگیر کراوە لەوانە:

لەماددەی یەکی ئەم دەستورەدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە سیستمی حوکمرانی عیراق (کۆماری، پەرلەمانی ، دیموکراسی، فیدرالی) دەبێت، بێگومان لەسایەی دەوڵەتیکی لەو جۆرەدا گەلی کوردستان بەخەباتی نوێی سەردەمو دیموکراسی، دەتوانێ بەسەرجەم مافەکانی بگات.

لەماددەی سێی ئەم دەستورەدا ئاماژە بەوەکراوە کە عیراق ولاَتێکی فرە نەتەوەو فرەئایینو ئاینزایە، ئەمەش بەفەرمی ناسینی سەرجەم پێکهاتەکانی عیراقە کەلەدەستورەکانی پێشووی سەردەمی پاشایەتیو کۆماریدا هیچ ئاماژەیەکی لەو جۆرەی تێدا نەبوو، زۆربەی ئەو دەستورانەی پێشوو، عیراقی بەولاَتێکی عەرەبی یاخود بەبەشێك لە نەتەوەی عەرەب لەقەڵەم دابوو، لەم دەستورە

نوێیەدا شتی ئەوتۆی تێدا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە عێراق وەك وڵاتیکی ئیسلامی بەبەشێك لەجیهانی ئیسلامی‌و ئەندامی دامەزرێنەرو کارای کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەبی لەقەڵەم دەدات‌و ڕێز لەپەیماننامەکەی دەگرێت.

لەماددەی چواری ئەم دەستورەدا زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بەزمانی فەرمی لەسەرانسەری عیراقدا ناسراوە، ئەمەش بایەخی خۆی هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دەستورەدا زمانی تورکمانی‌وسریانیش بەدوو زمانی فەرمی ناسراون لەو یەکە کارگێڕییانەدا کە چڕی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن. ئەمەش بۆ یەکەمجارە لەدەستورێکی عیراقدا ئەو دوو زمانە بەفەرمی بناسرێن. هەرلەو چوارچێوەیەدا هەر هەرێم‌و پارێزگایەك بۆیان هەیە زمانی ناوچەییان بەفەرمی بناسرێت، ئەگەر



زۆرینەی خەڵکی ئەو هەرێم و پارێزگایە بەراپرسی گشتی بڕیاری لەسەر بدەن.

ماددەی شەشی دەستورەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات ئاشتیانەو بەو ڕێگە دیموکراسیانەیە دەبێت کە لەدەستورەکەدا دیاریکراون. ئەمەش گەرەنتییەکی گەورەیەو ڕێگە لەهەر هێزو لایەنێك دەگرێت کە بیەوێ لە ڕێی کودەتاو توندوتیژییەوە دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست‌و حوکمی تاکڕەوی‌ودیکتاتۆری پەیڕەو بکات.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی حەوتی دەستورەکە، ڕێگە بەهیچ قەوارەو ڕێبازێك نادرێت پەیڕەوی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی یاتیرۆریزم یا تەکفیر یا پاکتاوی تایفەگەری بکات، هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕێگە بەبەعسی سەدامی نادرێت لەژێر هەر ناوێکدا کاربکات. ئەمەش گرەنتیەکی

دیکەی دەستورییە کە ڕێگە بەو هێزو لایەنە دزێوانە نادات جارێکیتر بێنەوە سەر شانۆی سیاسی.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی حەوتی دەستور، دەوڵەتی عیراق پابەند دەبێت بەشەڕی تیرۆرو ڕێگە بەوە نادات کە خاکەکەی ببێتە بارەگا یا ڕێڕەو یا گۆڕەپانی چالاکیەکانی تیرۆریستان.

بەپێی ئەم بڕگەیەی دەستوور، عیراق خۆی پابەند کردووە کەدژایەتی تیرۆر بەهەموو شێوەیەك بكات، ئەوەش پەیامێکی بەهێزە بۆ تیرۆریستانو ئەوانەی پشتگیریان دەکەن کە بەهیچ جۆرێك لەعیراق جێیان نابێتەوە.

بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی نۆی دەستور، سوپاو ئاسایش بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەپێکهاتەکانی گەلانی عیراق پێکدێتو سوپا لەژێر دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێتو بەرگری لەعیراق دەکاتو نابێتە ئامرازی سەرکوتکەری



گەلانی عیراقو دەست لەکاروباری سیاسی وەرناداتو ڕۆڵی لەدەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا نابێت.

ئەم بڕگەیەی دەستور دڵنیاکردنەوەیەکیتر بەژیانی دیموکراسی دەبەخشێتو ڕێگە لەسوپا دەگرێت وەك سەردەمی دیکتاتۆری، گەل سەرکوتبکاتو دەست لەکاروباری سیاسی وەربدات. لەو چوارچێوەیەدا گەلی کوردستان لە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکە زیاتر بەدەستی سوپا زەرەرمەند بووە، ئەم بڕگەیەی دەستور ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی ئەو نەهامەتیانە دەگرێت.

یەکێك لەئیجابیاتەکانی دیکەی ئەم دەستورە ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری لەیەکتری جیاکردۆتەوە، هەر دەسەڵاتە سەربەخۆیی خۆی هەیەو ئەوەش زەمینەی ژیانی دیموکراسی دەچەسپێنێو ڕێگە لە دیکتاتۆری دەگرێت.

بەپێی ماددەی (١١٦)ی دەستور، سیستمی کۆماری عیراق سیستمێکی فیدراڵیەو لەپایتەختو هەرێمەکانو پارێزگا نامەرکەزیەکانو بەڕێوەبەرایەتیە خۆجێیەکان پێکدێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەعیراقدا تەنها هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵیەو خاوەن دامو دەزگا فەرمیەکانی (سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانو دەسەڵاتی دادوەرییە)و هیچ هەرێمێکی دیکەی لەو شێوەیە نیە.

هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بەفەرمی ناسێنراوەو دان بەهەموو دامودەزگاکانیدا نراوە، لەدەستوری هەمیشەییشدا دان بە هەرێمی کوردستاندا نراوەو لەو چوارچێوەیەدا برگەی یەکی ماددەی (١١٧)، هەرێمی



کوردستانی بە هەموو دەسەڵاتیەکانیەوە بە هەرێمێکی فیدراڵ ناسیوە.

ئەمەش دانپێدانانێکی روونو ئاشکرایە بە دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستانداو ئەم هەرێمە لەسایەی دەستووری هەمیشەیشدا هەمان پێگەو دەسەڵاتی یاسایی خۆی دەبێتو تایبەتمەندییەکانی پارێزراوە.
بەپێی برگەی دووەمی ماددەی (١١٧)ی دەستور، دەستورەکە زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەرێمی دیکەی فیدراڵی دروست بکرێت، لەو چوارچێوەیەدا دەستورەکە دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت کە بەپێی حوکمەکانی دادەمەزرێن.

مادەی (١٢٠)ی دەستووری عیراق، رێگەی بە هەرێمی کوردستان داوە دەستوور بۆ خۆی دابنێتو تێیدا پەیکەری دەزگا فەرمیەکانو میکانیزمی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی دابنێت، بەمەرجێک لەگەڵ دەستووری عیراق ناکۆک نەبێت.

ئەم مادە دەستووریە بەشێوەیەكی روونو راشكاو رێگەی بە هەرێمی كوردستان داوە وەك هەرێمێكی فەرمیو دانپێدانراو، دەستووری تایبەت بە خۆی هەبێت.

بەپێی بڕگەی یەكی ماددەی (١٢١)ی دەستور، هەرێمەكان مافی ئەوەیان هەیە دەسەڵاتەكانی یاسادانانو جێبەجێكردنو دادوەریان پیادە بكەن. تەنها دەسەڵاتە دیاریكراوەكانی دەسەڵاتی فیدراڵی نەبێت. بەپێی بڕگەیەكی ئەم ماددەیە هەرێمی كوردستان هەموو دەسەڵاتەكانی یاسادانانو جێبەجێكردنو دادوەری دەبێت.

بەپێی بڕگەی دووی ماددەی (١٢١)ی دەستور، پەرلەمانی هەر هەرێمێك مافی هەمواركردنی یاسای پەرلەمانی فیدرالی هەیە، بەمەرجێك لەتایبەتمەندیە دیاریكراوەكانی دەسەڵاتی فیدراڵی نەبێت. بەپێی ئەم بڕگەیە پەرلەمانی كوردستان دەتوانێت هەر یاسایەكی



پەرلەمانی عیراق هەموار بكات بەمەرجێك لەدەسەڵاتە سەروەرییەكان نەبێت.

بەپێی بڕگەی سێیەمی ماددەی (١٢١)ی دەستور لەداهاتە دەستكەوتووەكانی حكومەتی فیدراڵ بەشێوەیەكی دادپەروەرانە بەش بۆ هەرێمو پارێزگاكان تەرخان دەكرێت بەڕەچاوكردنی داهاتو پێداویستیو رێژەی دانیشتوان. ئەم بڕگەیەش گرەنتیەكی دیكەی دەستورییە كە داهاتەكانی حكومەتی فیدراڵی بەغدا بەشێوەیەكی دادپەروەرانە بۆ هەرێمو پارێزگاكان دابەش بكرێت، لەو روانگەیەوە دەتوانرێت داوای بەشی عادیلانەی هەرێمی كوردستان لەداهات بكرێت.

بەپێی بڕگەی چوارەمی ماددەی (١٢١)ی دەستور، هەرێمو پارێزگاكان نوسینگەیان دەبێت لەباڵوێزخانەو نێردە دبلۆماسیەكاندا بۆ بەدواداچوونی كاروباری رۆشنبیریو كۆمەڵایەتیو بوژاندنەوەی ناوچەیی. بەپێی ئەم بڕگەیە

هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی کە نوسینگەو نوێنەری لەهەموو باڵوێزخانەو نێردە دبلۆماسیەکان هەبێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندی رۆشنبیریو کۆمەلایەتیو بوژانەوەی هەرێم.

بەپێی برگەی پێنجەمی ماددەی (١٢١)ی دەستور، هەرێمەکان مافی خۆیانە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی خۆیان هەبێت لەپۆلیسو ئاسایشو پاسەوانی هەرێم. بەپێی ئەم برگەیە دان بەهەموو هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا نراوەو هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگەی هەبێت کە لەو برگەیەدا لەجیاتی وشەی پێشمەرگە پاسەوانی هەرێم هاتووە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە دەستورەکە بۆ سەرانسەری عیراق دانراوە، لەهەرێمی کوردستان دەتوانرێت هێزی پێشمەرگە لەژێر ناوی پاسەوانی هەرێم رێك بخرێتەوە.



١١- بەپێی ماددەی (١٤١)ی دەستور، ئەو یاسایانەی لەساڵی (١٩٩٢) بەدواوە لەهەرێمی کوردستان دەرچوونو هەموو بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان پێدەکرێت. ئەم ماددەیەش داننانە بەرەوایی هەموو یاساو بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان کە لەدوای ساڵی ١٩٩٢ەوە دەرچوونو بەیاسایی لەقەڵەمیان دەدات.

ئەگەر ئەم دەستورەی عیراق بەراورد بکەین بە هەموو دەستورەکانی پێشوو، دەبینین لەهەموویان زیاتر مافەکانی گەلی کوردستانی بەرجەستە کردووەو ئەو مافانەی لەم دەستورەدا دابینکراوە لەهیچ دەستورێکی پێشوودا بەدیناکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەو مافانەی لەم دەستورەدا بەدەستهاتوون سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆگەلی کوردستان. هەر لەسایەی ئەم دەستوورەدا گەلی کورد پێگەی بەهێزی لەبەغدا هەیە لە ناوەندە باڵاکانی دەسەلاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریدا.

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەوراستییەی کە گەلی کوردستان لەعیراق بەبەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەشی زۆری مافە سیاسیو نەتەوەییەکانی لەدەستووردا جێگیر کراوەو تەنانەت ڕێگەشی پێدراوە کە پۆستی بالای وەك سەرۆك کۆمار وەربگرێت. کەچی بەداخەوە تائێستا دەستووری ولاتانی دیکەی وەك ئێران و سوریاو تورکیا، نەتەوەی کوردی بەفەرمی نەناسیوەو مافە سیاسیو نەتەوەییەکانی پێشێلکردووە.



# سەرچاوەکان

١- تەحسین نامق، کەرکوك ئاورێك لەرابردوو، دیدێك بۆ ئاینده، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٩

٢- ليلاف حمدامين عزيز، الحقوق السياسية للكرد في دول التي تضم كوردستان، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني ،٢٠٠٧، السليمانية

٢ - شورش حسن عمر، حقوق الشعب الكردى في الدساتير العراقية، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية - ٢٠٠٥

٣ـ قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية، ٢٠٠٤

٤ـ دەستوری دەوڵەتانی (عیراق، ئێران، تورکیا، سوریا).

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٥ |
| یەکەم: پێگەی کورد لەدەستورەکانی تورکیادا | ٩ |
| پێگەی کورد لەدەستورەکانی ئێراندا | ١٦ |
| پێگەی کورد لەدەستورەکانی سوریادا | ١٩ |
| پێگەی کورد لەدەستورەکانی عیراقدا | ٢٣ |
| سەرچاوەکان | ٤٨ |

# زنجیرەكانی هۆشیاری

| ز. بلاوكراوەكان | ز. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤<br>٥ | ١ | كوردەكان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشكچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٤<br>٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٤<br>٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٥<br>٠ | ٤ | ناوچە جێناكۆكەكان، ئایندەو ئاسۆكانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٥<br>١ | ٥ | بەعەرەبكردن و بەجولەكەكردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٥ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی: | ٢٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | | | عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ١٠ |
| ٢٥<br>٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. كامیل محمد قەرەداغی | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٥<br>٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێكهاتەو ئەركەكانی | ئامادەكردنی عادل عەلی | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٥<br>٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٦<br>٠ | ١<br>٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەكیان<br>و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٦<br>١ | ١<br>١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠<br>١٠ |
| ٣٦ | ١ | پێگەی میدیا | | ٢٠ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | ٢ | لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فريد اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |

## لەبڵاوكراوەكانی
## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران
## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوكراوه | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواری | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حەمجان عزیز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | شـەریعەت، کـوردو میـدیای عەرەبی | | |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي علـى الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکـان و مـافی چـارەی خۆنووسـین زنجیرەی هۆشـیاری ، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئـاین و دەوڵـەت لەمیسـری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامـەی کـوردی گۆڤـاری هـەولێر سـاڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئاینـدەو ئاسـۆکانی چارەسـەر، زنجـیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیرورا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسـیزم و سـەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ئاين و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>سالّح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن ساكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی ڕوسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاریخ الفکر الکردی | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علی | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو<br>هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ژ. ز. هۆشاری (١٧) | | |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |